دانیشتنی پەرلەمانی عێراق بە سبەینێ هەڵگیرا

پەرلەمانی عێراق دانیشتنی خۆی بە سبەی سێشەممە، ٣٠ـی کانونی دووەم هەڵگرت. لە دانیشتنی ئەمڕۆدا خوێندنەوەی یەکەم بە سێ ماددە کۆتایی پێهێنرا

ئەمڕۆ دووشەممە، لە دانیشتنی پەرلەمانی عێراق خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەیاسای هەموارکردنەوەی یاسای سزادانی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ کۆتایی پێهێنرا

هەر لە دانیشتنەکەدا خوێندنەوەی یەکەم بە ڕەشنووسی یاسای پەسەندکردنی لەلایەن کەماری عێراقەوە بە پرۆتۆکۆلی هەموارکردنەوەی ماددەکانی (٥٠) و (٥٦)ی ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی فڕۆکەوانی مەدەنی ساڵی ١٩٤٤، کە لە مەنتریال ٢٠١٦ واژە کرا، تێواو کرد، هەروەها خوێندنەوەی یەکەم بە ڕەشنووسی یاسای خوێندنی زانکۆی حکومی و تایبەت ئەنجام دا.